# نامەیەك بۆ شەهیدی سەركردە حەسەن كوێستانی

## پێشكەشە بە بەرێز مام جەلال تاڵەبانیو هاوڕێكانی

محەمەد گەلاڵەیی_ سۆران

ئێستا  نە ئەزانمو نە ئەتوانم ئەو نامەیە بدەمە دەست كێ..؟ دەست تاڵەبانی، دەست مەكتەبی ساسیی یەكێتی یان كۆمیتەی سەركردایەتی، دەست هاوڕێو كوڕو براو ئامۆزاكانت، نەخێر، تەنیا تۆ جێگای باوەڕو متمانەمی، تەنیا تۆ جێگای ئەوەی هاوخەمیو دەردە دڵی راستی خۆمت بۆ بڵێمو پێت ڕابگەێنم، كەمن لەم تەمەنەوەو پاش سێ ساڵ كاركردن لە كاری رۆژنامەگەری ئەوا یەكەمین جارە نامەت بۆ دەنووسم لە ساڵرۆژی شەهید بوونتدا، كە رۆژی شەهید بوونی تۆ لای من وەك رۆژی شەهید بوونەكەی حەسەنو حیسنە، كە شیعەكان لەو رۆژەدا ئەوەی خوێنە لە جەستەیان ناهێڵنو ئەوەی بەرگریە لە سنگیان نامێنێ بەهۆی لێدانی بەدەستەوە، من واناكەمو بۆ تۆ لە مەودوا لە ساڵرۆژی شەهید بوونت، زمانی گوڵو بلاوكردنەوەی خوشەویستی دەبەخشمەوە، توندوتیژی بلاوناكەمەوەو ئاشتی دەچەسپێنم، رەوشتە هەمیشەیەكەی تۆ كە باوەڕت بە تۆڵە نەبووە ئەو زیندوو دەكەمەوە، چونكە تۆ كەسێك بوویت رۆژێك باوەڕت بە دڵرەقیو كاری خراپە نەبووە، رێزگری مندالێ، ژن، پیر، پەككەوتە، پیاوچاك، كچان، خوێندكاران، كادیرانو هەتا رێزگری پاسەوانەكانیشت بوویت، بێجگە لەمانەش هاندەرێكی هەرە باشی رێگای خوێندنەوەو نووسینو خۆ رۆشنبیركردن بوویت.

شەهید كوێستانی با زیاتر لە دەقی نامەكە دوور نەكەومەوە، با هاوخەمی خۆتم بۆ باسكەم، كە سیانزە ساڵە كۆچت كردووە، ئەو كۆچەی تۆ كە لە خەونی كەسێكدا ووتبووت:"ئەوا قەدەری خوا بووا"منیش بەوە رازیمو هاوڕام لەگەڵ تۆ، بەلاّم ئەو كردەوە ناشرینانەو ئەو كەسانەی رۆژانە خۆیان بە ناوی تۆوەوە هەڵدەواسنو دەیانەوێت چەندین دەستكەوتی سامانو مەعنەوی بۆخۆیان لە پەرێزی بەناو كوردایەتی ئەمرۆ بەدورنەوە، بۆیە لەوانە ئاگادار بەو سلاّوی ئەمانە وەكو كەسی دڵسۆز وەلاّمەوە مەدەرەوە، پێیان بڵێ چیتر ئەزیەتم مەدەن، لە پێناو بەرژەوەندیەكانیاندا، شەهید كوێستانی بەڕای من ئەوەی خۆ بە ناوی تۆوە هەڵدەواسێ ئەوا غەدر لە تۆدەكات، من زۆرم پێ ناخۆشە ئەی تۆ؟ لەوانەیە رۆژانە بەسەدان جار شەهید كوێستانی خەڵك بڵێت: چ كەسانێك لە پاش تۆ بەجێ ماون كە شایانی هیچ شتێك نین، بەلاّم چی بكەین لەبەر تۆ!. كەهەتا هەندێكیان لەمانە بۆ رۆژێكیش پێشمەرگایەتیان نەكردووە، دەربەدەرو زیندانی سیاسی نەبووینە، هەتا گوللەیەكشیان نەتەقاندووە، كەچی دەڵێن ئەو بوختانە گەورەیە دەكەن، لەگەڵ شەهید كوێستانی هاوخەباتو سەنگەری ئەم شاخو ئەو شاخمان گرتووە.

شەهید كوێستانی ئەگەر جارێكی تر كاك عومەر فەتاحو كاك كۆسرەت و ئەندامانی مەكتەبی سیاسی یەكێتی هاتنە لات قەبوڵیان مەكەوە، ئەوەی لەهەمووشیان تاوانبارترە هەر نەیهێڵی  رووشت تێ بكات، چونكە ئەوانە لە هاوینی 2005 دا لەسەر گۆڕەكەی تۆ ووتیان: "500000" پێنج سەد هەزار دۆلارمان بەخشیە (گەلاڵە) بۆ ئاوەدانكردنەوەی، تا ئێستا هیچیان نەكردووە، كە پێشتر دەیانووت بەهۆی یەك نەگرتنەوەی ئیدارە پارەكە سەرف ناكرێت، بەلاّم خۆ ئێستا حكومەت یەكگرتووەو عومەر فەتاحیش جێگری سەرۆكی حكومەتە زیاتر لە ساڵێكە، كەچی تا ئێستا هیچی نەكردووە، خەڵكەكەش لە چاوەڕوانی ئەواندانو هەزارو یەك پرسیاریان لەسەر ئەو پارەیە بۆ دروست بووە. هەربۆیە چەندین جار پەیوەندیم بە سكرتێر رۆژنامەنووسی عومەر فەتاح كردووە كە ناوی"جەمال عەبدولاّ) پێم ووت: بە عومەر فەتاح بڵێ ئەو پارەیە چی لێهاتو بۆ سەرفی ناكەن، رۆژێك وەلاّمی دامەوە ووتی:" عومەر فەتاح لە سعودیە، جارێكی تر ووتی كۆبوونەوەی مەكتەبی سیاسیە، جارێكی تر ووتی لە بەغدایە..هتد " جا هەر بۆیە هەر یەكێ لەمانە بریاریدا بێتە لاتو لە ئەحواڵت بپرسێ پێیان بڵێ: من زۆر حاڵم ناخۆشە لەبەرئەوەی خەڵكو گەلاڵە ژیانیان زۆر ناخۆشە، بڕۆن بارودۆخی ژیانیان چاك بكەن ئەوكاتی وەرە سەردانم بكەن، بۆ ئەوەی رۆحم ئاسوودە بێ.

شەهید كوێستای هەواڵێكی ترم لایە، ئەویش لە هەڵبژاردنەكانی ئەم دواییەی یەكێتی سوكایەتیەكی زۆر بەكورانی

**شەهیدانی یەکێتیو دڵسۆزە رەسەنەکانی کراو، کەسانێ باوكو براکانیان هاوسەنگەرو هاوخەباتی ئێوە بووینە، شەهیدی سەنگەربووینە، ئەمرۆ لەسەر دەنگدانێکی نا دیموکراتی سوکایەتیان پێدەکرێتو پێشیانکرا، لەوانە "ئارامی حەمە لاو" کە باوکی شەهیدێکی گەورەیە، لەبەر تەکەتولات لیان نەگەڕا ئەو بێتە بەرپرسی کەرتێکی یەکێتی کەسێکی نەخوێندەوارو ئیسلامی توندڕەو لە جێگای ئەویان دانا، ئەمەش دوای ئەو نووسینە دێتك کە کاك (ئارامی حەمە لاو ) خۆی بۆ منی هێناو تا بۆی بلاوبکەمەوە، ئێستا لەلای خۆم وەکو ئەرشیف هەڵمگرتووە، لەکاتێکی نزیکدا بەیەکەوە بۆ شەهید حەمەلاوو سەدان کورە شەهیدی غەدر لێکراو دەیخوێنینەوە. هەتا هەندێ لەکەسانێك پەیدا بووینە زۆر بێ شەرمانەو بێ ویژدانانە تەکەتولاتو دەستەگەری دەکەنو دەرز دەخەنە ماڵی یەکێتی، بەکورتی دەیانەوێت ئاژاوە بەکەوێتە ناو ئەو حزبە سۆسیال دیموکراتە تاقانەیە!**

**شەهید کوێستانی دەمەوێت واقیعکی زۆر تاڵترت بۆ بنووسم، ئەویش لەیەکتر ترازانی خەڵکی گەلاڵەیە لەناو خۆیاندا، کە ڤایرۆسی ئەو لەیەکترازانە مەسەلەکە هەمووی تەکەتولاتە، لە نێوخۆیاندا بەرپاکردووە هەر دەڵێی دوژمنی یەکترین، ئەوی بەرامبەر  ئەوی تر ڕەتدەکاتەوە بەهەموو ماناکانیەوە، هەتا کار گەیشتە ئەوەی کە بانگی یەکتری بکەن وەرە بۆ جنێوت بە فلان شار داوەو وەرە ببە بە کوتلەی مامەو کۆسرەت..هتد، جا نازانم باسی چیت بۆ بکەم، کەسێك خەڵکی (گەلاڵە)یە دەچێت لەسەر خەڵکی تر شەڕ دەکاتو بوختان بە خەڵکی خۆی دەکات، تەنیا بۆ ئەوەی لەلای بەرامبەر خۆی بەسەر بەرز بزانێت، کابرای گەلاڵەیی عەیار بیستوچوار لە جەلالیەت بەو حاڵیش سەدان بوختانی جۆراوجۆر هەڵبەستراوی پێدەکەن.**

**شەهید کوێستانی بەشێکی نامەکە ئەوەیە، کە ئەو کەسانەی بەراستەقینەیی لەگەڵ باڵی مەکتەبی ساسیی ساڵانی شەستەکاندابوون، سەدان جار رۆحیان لە مەترسیدابووە، ئەمرۆش کەمترین مووچەیان هەیە لەناو یەکێتدا کە کابرای جەلالی لە 1964 هەر خۆیی بە پاشکۆی تاڵەبانی دەزانێت، کەچی بێ زەحمەترین ژیانیان هەیە، کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە، سەرۆك جاشێك مووچەی لەوان زیاترە کە مووچەی هەر ئەندامێکی باڵی مەکتەبی سیاسی  لەوانەی لە گەلاڵە دەیانناسی(سیو حەوت هەزار) دینار وەردەگرن، لە شاری سلێمانی کە تەنیا بەشی ڕێگایان دەکات، وەکو دەروێشی شێخیان لێهاتووە.**

**ئەوەشم لەبیر چوو باسی (مام ساڵحی) مامت بکەم ، ئای لەو پیاوە جوانەو خاکیە، کە لە ژیانێکی زۆر ناخۆش دایە هەموو ژیانی لە ناخۆشیو زنیدانیەکانی بەعسو ئیهانەو چاودێریەکانی ئەمو ئەو بەسەر برد، کەچی ئێستا لە کونجی خانوویەکی کۆمەڵگای گەلاڵەدا دەژێت، کەس ئاوڕیشی لێ ناداوەتەو کە کورتە موچەیەکی هەزار دیناری چیە بۆیان بڕیوەتە، کە سەدان جاشو سەرۆك جاش هەیە کە دەستیان بە خوێنی ئەو میللەتە سوور بووە، دەستەلاتیان لەناویەکێتی دەڕواتو قسەکانیان لەگەڵ مەکتەبیی سیاسی وەکو گوڵی خۆشەوستی نێوان دوو کوڕ کچ وەردەگیرێت..**

**2006/5/17_پێنج شەممە.**